# تێڕوانینێک لەسەر ئیسلام و سیاسەت

**بەشی سێیەم**

**کاوە ئەمین**

ناکۆکی نێوان هەردوو گرووپی سوننی و شیعە، بەدرێژایی مێژووی کۆن و نوێی ئیسلام بەردەوام بووە. تێراوانینی ئەو دوو گرووپە سەرەکییەی ئیسلام لەسەر گرفتە کۆمەڵایەتی و لێکدانەوەیان لەسەر ئایەتەکانی قورعان و حەدیسەکانی پێغەمبەر بە شێوەیەکی بەرچاو جیاوازە، ئەگەرچی شتی ناوکۆیشیان هەبێت. لە خۆڕا نەبووە ئیمام عەلی وتوویەتی:" قورعان، نووسراوێکی شایستەی نێوان هەردوو بەرگی پەڕاوێکە، بەڵام ئەو بۆخۆی هیچ ناڵێت بەڵکو ئەوە مرۆڤەکانن کە دەیهێننە قسە". لەبەر ڕۆشنایی ئەم وتەیەی ئیمام عەلی دا، بۆمان دەردەکەوێت کە قورعان دەکرێت شیکردنەوە و تەفسیری جیاوازی بۆ بکرێت، ئەوەش پەیووەندی بەوەوە هەیە کە کێ و لە کام سەردەمدا، تەفسیری قورعان دەکرێت.

ئاینی ئیسلامیش وەکو هەموو دینەکانی تر بە تایبەتی هەردوو دینی مەسیح و یەهودی، خۆی بە نوێنەری خوا لەسەر زەوی دەزانێت، هەربۆیە بۆ گەیاندنی پەیامەکانی خوا، موسڵمانەکان سەرەتا پەنایان بردۆتە بەر ڕێگایی ئاشتییانە، بەڵام کە دەسەڵاتیان پەیداکردووە و خەڵکیان لە خۆیان کۆکردۆتەوە، پەنایان بۆ توندوتیژی بردووە بۆ پاراستن و بەرفراونکردنی دەسەڵاتیان.

ئەوان هەمیشە بانگاشەی بەخشندەیی و میهرەبانی خوایان کردووە، بەڵام زۆربەی جار بۆخۆیان بۆ سەرکەوتن بەسەر یانیش سەرکووتکردنی نەیارەکانیان یانیش ئەوانەی کە بە خۆشی خۆیان ئاینەکەیان قبوڵنەکردووە،پەنایان بۆ شمشێر بردووە، لە زۆر لە نووسراوە مێژوویەکاندا هاتووە، بە تایبەتی مێژووی خەلیفەکانی دوای پێغەمبەر تژییە لەم جۆرە توندوتیژیانە.

موسڵمانەکان بۆ بەرفراونکردنی حکومڕانی دەسەڵاتیان و پارستنی ئەو ناوچانەی کە داگیریان دەکردن، پێویستیان بە ئابووریەکی بەهێز و تۆکمە هەبووە، هەربۆیە هەر زوو بیریان لە وەرگرتنی زەکات و سەرانە کردۆتەوە، هەر بۆ ئەم مەبەستەش چاویان لە هەندێک لەوانە پۆشیووە کە نەبوونەتە موسڵمان یاخود نەیانوویستووە کوڕەکانیان ببنە سەربازی ئیسلام، لە جیاتی ئەوە پارەیان لێسەندون. لەسەردەمی عوسمانییەکاندا لەو کاتانەی کە نەیانتوانیوە ڕاستەوخۆ کۆنترۆڵی ناوچە زۆر و زەبەندەکانی ژێر دەسەڵاتیان بکەن، ناچاربوون ڕازیبن بە جۆرە ئۆتۆنۆمییەک بە ناوچە دوورەکان و ئەوانەی گوێڕایەڵیان نەبوون، لە بەرانبەردا ساڵانە باجێکی باشیان لێ سەندوون. بەڵام هەر کە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و سەربازییان ڕێگای پێداون، هێرشیان کردوونەتە سەرو خەفەیان کردووە.

هەر ئەم باری ئابووریە وایکردووە کە هەندێک لەسەرکردە موسڵمانەکان حەزیان بەوە نەکردبێت کە خەڵک بەلێشاو ببنە موسڵمان، چونکە بەپێی ئەو یاسایەنی خۆیان هەموو ئەوانەی کەدەبوونە موسڵمان هەمان مافیان هەیە لەبەردەم خوا دا، ئەوەش دەبووە هۆی کەمکردنەوەی باج و سەرانە کە شادەماری ئابووری موسڵمانەکان بوو، هەربۆیە پاشان چاویان بەو یاسایەشدا خشاندەوە، بۆ نمونە کەسی ناموسڵمان دەبوو زەکاتی زەویوزار و شەخسیش بدات، بۆیە بڕیاریان دا کە ئەوانەی دەبنە موسڵمان تەنها لە باجی شەخسی عەفو بکرێن و دەبێت بەردەوام بن لەدانی باجی زەویوزار.

هاتنی ئەمەویەکان واتە معاویەو بنەماڵەکەی بۆ سەر حکوم هێندەی تر کێشەکەکانی قوڵترکردەوە. شیعەکان وەکو سێبەری شەیتان چاویان لێدەکر، سونییەکانیش زیاتر چارەی بنەماڵەی عەباسییەکانیان دەویست کە لە ساڵی 750 دا، شۆڕشێکیان بە دژی ئەمەویەکان بەرپاکردووە، جڵەوی ئیسلامیان گرتە دەست.

دەکرێت ئەمەویەکان وەکو نەتەوەخوازی عەرەب چاولێبکرێت، چونکە ئەوان بە ئاشکرا فەزڵی عەرەبیان بەسەر خەڵکانی تردا دەدا و وەکو نیمچە کۆیلەیەک سەیریان دەکردن. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەان بە هۆشیاری و زانابوونەوە، ئەو غەیرە عەرەبانەی کەدەبوونە موسڵمان کە پێیان دەوتن مەوالی (لە ڕاستیدا وەکو جاش سەیریان دەکردن)، لە دەسەڵات دووردەخستەوە و زمانی عەرەبی کرایە زمانی ڕەسمی خەلافەت. وەک دەزانرێت لە دنیای ناسیۆنالیزمدا، زمان یەکێک لە بڕبڕەکانی پشتی نەتەوەیە.

فەسادی و گەندەڵی ئیداری لەسەرەدەمی ئەمەویەکاندا، تا دەهات لە زیادبووندا بوو و دەسەڵاتیشیان بەرفراوانتر دەبوو. بەڵام خۆ شیعەکانیش کە هەمیشە کەمایەتی بوون لە بەرانبەر سوننی دا، دەستەو وەستان دانەنەیشتن و هیچ کاتێک دانیان بە دەسەڵاتی ئەمەویەکاندا نەنا، بەڵکو لقێکی شیعەکان بۆ ماوەی دوو سەد ساڵ لە باکووری ئەفریقا و میسر، خەلافەتێکیان دامەزراند.

سەردەمی عەباسییەکان جیاواز بوو، زیاتر ئیسلام کرایە جەوهەری دەوڵەت و عەرەبایەتی وەکو سەردەمی ئەمەویەکان هەمەکارە نەبوو. ئەمەش بووە هۆی نزیکبوونەوەی گەلانی تر بە تایبەتی فارسەکان و گەلێک پۆستی گرنگیان وەرگرت، ڕەنگە ئەمەش زیاتر لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت کە شیعەکان هەر لەدوای کۆچی دوای پێغەمبەرەوە پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت کە دەبێت کەسێکی خزمی پێغەمبەر ببێتە جێگرەوەی، وەک دەزانرێت عەباسییەکان لە ڕەچەڵەکی ئیمام عەباسەوە هاتوون کە مامی پێغەمبەر بووە.